کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-12-2007 23:52بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**حکومەتی بەریتانیا یان هەرێمی کوردستان.. سوود مەندن لە گەڕانەوەی پەنابەرانی کورد؟!؟ ... کاروان. ع. حسەین**

بەر یتانیا وەکو تەواوی وڵاتانی ئەوروپا جێ ی ژیان و کاری هەزاران پەنابەری کوردی هەڵاتووە لە دۆخی نالە باری کوردستان ڕەچا و بەهۆکاری ئابووری بە تایبەتی و ڕامیاری و کۆمەلایەتی.. هەندێکی کەم و دەگمەن نەبێت تەواوی کەیسی پەنابەران لێک دەچن. بە ووتەی هە ندێک لە فەرمانبەرە فەرمیەکانی نێو وەزارەتی نێوخۆ ی بەریتانیا لە وێکچووی کەیسی پەنابەرانی باشوری کوردستان سەریان سوڕماوە و شۆخی بە وە دەکەن کە گوایە هەمووان کوری یەک شار ن و کوڕی یەک باوک و برای یەکترن.. کەچی زۆرێک مافی پەنابەریی و مانەوەیان پێ ڕەوابینراوە هەندێکی تر نا... بۆ؟ ئەوایان منیش نازانم، مانشێتی شەڕ لە دژی تیرۆر کە ئەمریکا دەیکاتە بیانوو و ناونیشانی بۆ نیاز و بەرژەوەندییەکانی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ناوچەکە بەتا یبەتی لە 09/11. وە ئەمە باشترین میکانیزم بووە بۆ شەڕی عێراق و ئەفغانستان لە ڕابردوو تا ئێستاش و ئەگەری بەگژا چونی ئێران لە داهاتوو سوریاش لەگەڵی خەریکە دەبێتە حەتمی و گۆڕینی نە خشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست یەکیکە و لە وانەیە دووایەمینی خە ون و پلانی ئەمریکا نە بێت لە ناوچەکەدا. بەکێش کردنی بەریتانیا بۆ ئە و جەنگەی کە لە عیراق بەرپابوولە ساڵی 2003 و بەشداری سوپای بەریتانیا وەک هاوپەیمانی و مانەوەی هێزەکانیان دووای پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق تا هەنووکە، مەسەلەی پەنابەرانی لە بەریتانیای تەواو خراپتر کرد ئەمەش لەبەر ئەوەی لەنێوخۆی ئە ووڵاتە چەندان ڕێکخراوی مەدەنی و حکومی لەئاستی کەساییەتی با لا لە حکومەت و جەماوەررێکی زۆر نارازی بوون لە بەشداری کردنی بەریتانیا لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق بە خاتری هەندێ هۆکار بە ر لە هەموویان بۆ ئەوەی بەریتانیا نەکەوێتە بازنەی هەدەفی چالاکیەکانی قاعیدە و سیقلی بەریتانیا باجی هە ڵەی هاوپەیمانێتی حکومەتەکەی نەدات کە لە ماوەی ڕابردوو دا تەواو کۆپییەک بوولە سیاسەت و پلانەکانی ئـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــەمریکا.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

ئێستا لە سەرەتای کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق بە وپەستانە گەورەیەیی کە ڕای گشتی هەیەتی لە بڕیارو سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا بە وەش کەرەوشی عێراق لە ڕووی ئەمنیەوە لەبار نی یە بەڵام بیانووی دابینکردنی ئارامی لە باشوری عێراق دەکەن بە هۆ کاری گەڕانەوەیان و بەڕای گەورە لێپرسراوی سە ربازییان چی دی مانە وەیان کەڵکی نی یە. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە ناردنەوەی پەنابەرانی عێراقی دەکەنە گەواهی و شا یەتێکی باش بۆ بەناو ئارامی عێراق و دیسان بەمە شیان دەیانەوێت پشت ڕاستی سیاسەتێکی چەوت بکەنە وە کە بەشداریان لە شەڕی ڕووخانی سەدام بڕیارێکی گونجاو بووە گەڕانەوەی عێراقییەکان بۆ ووڵاتی خۆیان بەرهەمەکەیەتی. بەهەر حا ڵ ترسان لە پرسێکی وەکو ئەوەی ئایا عێراق لە ڕووی ئەمنیە وە پێ ی لە قۆناغێکی تر ناوە؟بە واتایەکی تر ئایا تا چەند گەڕانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە باشووری عێراق هۆکاری گۆڕانی دۆخی ئاسایشە نەک کز بوون و دۆڕان لە بەردەم تەواوی هێزە نەیارو چەکدارەکانی عێراق؟. ئە مە ئە و پرسە یە کە لە لایەن خەڵکی بەریتانیا و پارتە نەیارەکەی بەرامبەر بە پارتی کریکارانی ئەو ووڵاتە لە بۆ نە و بگرە لە نێو پەرلە ماندا لێ یان دەکرێت، بەم پێوە دانگە وەڵامی پارتی لە یبەر لە ڕابردوو ئێستاش بە لێ گۆڕانی عێراق لە ڕووی ئەمنییە وە هۆکاری گەڕانەوەی هێزەکانمانە. بە ناردنەوەی پەنابەران و گرتنیان خۆیان لە ئەگەری پرسیاریکی تر دەدزننەوەئەوەش گەر عیراق ئاسایشی تەواوی هەس ئیدی ئەم پەنابەرانە لێرە کارییان چەس؟ مەگەر ئەمە بڕیاری وەزارەتی نێو خۆی بەریتانیا نی یە کەهەر کاتێک هێمنی و ئارامی ڕووی لە عێراق کرد ئە وا مافی مانەوەتان لێرە نامێنێ ئە ی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پەنابەرەکان. تەواوی ئەم پرۆسە یە هەر لە گەرانەوەی هێزە بەریتانیەکان تا ناردننەوەی عێراقیەکان تەنها درۆییەکی سپی و بیانویەکی بێ نرخە چونکە پێوەرەی بەریتانیەکان بۆ ئارامی عێراق یان هەر نی یە یان هە ڵە یە. ئەگەر نا کامەن ئە مەرجانەی کە لە عێراقدا هەن بۆ ئەوەی وەک ناوجەیەکی ئارام هەژمارده بکرێت؟ ئە گە رچی جاران تەنها تیرۆر بە یەک یان دوو جۆر هەبوو لە عێراق ئێستا چەندان جۆر و شکلی هەس، ئەمەش بە خۆکوژی و تەقاندنەوە و، تیرۆری دزی لەسامانی بنەڕەتی کە نەوتی عێراقە، تیرۆری کوتلەبازی نێو حکومەت جیا بوونەوە و بەربەرەکانی کردن و، تیرۆری دەست وەردان لەکاری یاسا ودادگاکان، تیرۆری ڕۆژنامەوانو گرتنیان هە ڵکووتانە سەر ماڵان جەندانی تر
کە لە ماوەی رابردوو دا و بە بەر دەوامی تیرۆر لە گۆڕانی گەورە دایە بە وەش ئێستا کە هەر حزبەو لیژنەی بکوژی خۆی هەیە کە لە ماوەی ڕابردوو دا نە خشەو پلانی تیرۆریستی دە هێندە فراوان بووە.

بەرژەوەندی حکومەتی هەرێم و دەسەلاتی کوردی چی یە... ؟؟ هەموو دەسەڵاتێک لە دونیا کەم تازۆر بەدەستی زۆر کێشەوە ئالودەیە حکومەتی باشوور یش لە م کەم و کوڕییە کەم دەست نی یە و بگرە چەندان کێشەی ئاڵۆزی هە یە لە هەموو ڕووەکانی ئابووری ورامیاری و کۆمە لایەت ی و پەروەردەو... هتد. هەمیشە کۆ چ کردنی لاوان و خەڵکی دی لە باشووری کوردستان سیمای بێ دەرامەتی و بندەستی و ناعەدالەتی بووە. نا مە وێ ووردەکاری لە سەر ئەمایان بنوسم وەلێ هامووان باش دەزانین بە چ دەسڵاتێک دەوترێت حکومەت؟! دەزانین پەرلەمان یانی چی؟ هەمووان دەزانین هەبوونی زیندانی حزبی و دادگای حزب و وەزارەت حزبی مانای چیە؟ لە کوردستانە ئازادەکەی من و تۆ دا هەمووان کرێچی حزبین، ئە گەرچی هەندێک لێدوانی فەرمی دەسلاتی کوردی وەک خیتابێکی سەرزارەکی لە گەڵ ناردنەوەی پەنابەران دا نەبوون وەلێ ئەمە تەنها بۆ رازی کردنی کەمیەتی ڕای گشتی خەڵکی کوردستان بوە و لەگەڵ پەنابەران و چی دی تر نا. هە میشە ڕاگەیاندنە حزبییەکانی کوردستان و دەسەڵاتەکەیان سودیان لە باری خراپی پەنابەرن بینیوە بۆ سارد کردنەوەی تاکی کوردستان لەبەردەم پلانی سەفەر کردن و بە جێ هێشتنی نیشتمان ناردنەوەشیان دوو بەرژەوەندی گەورەی بۆ دەسەلاتی کوردی هەیە:
-1بەناردنەوەی پەنابەرانی کوردی لە تاراوگەوە بۆ کوردستان فرسە تی گەورە هەس لە بەردەم ڕاگەیاندنی حزبە دەسڵاتدارەکان بۆ قۆرخ کردنی بابەتیانەی مەسەلەکە و بڵاوکردنەوەی لە شێوەی هەواڵ و ڕاپۆرتی وێنەیی تا وەکو بەر لە دیاردەی کۆچی جەحێڵی کورد بگرن چونکە یەکێک لە هۆ کارەکانی کۆچ کردن وەک وتمان کەمو کوڕی دەسەڵاتەو بە کۆچ کردنیان دەبنە پێناسی نائارامی ئابووری و نائارامی سیاسی و کۆمەلایەتی.
-2نەبوونی هەڵوێستی فەرمی و ڕاستی دەسەلاتی کوردی بەرامبەر ناردننەوەی کوردان خۆ مڵاس دانە لە ژێر سێبەری دیموکراسییەکی درۆینە، وە ئازادییەکی بێ بناغە. گەر بێت و جەخت لەسەر نەناردنەوەی پەنابەران بکەن و کار بۆ مانەوەیان لە تاراوگە بکەن لە ئاشکرا بوونی ڕاستییەکی وەکو ناکامڵی دەسەلاتیان لای کۆمەڵگەو دەسەلاتی ئەوروپا دەترسن و ئەوسا ئەوەی دەمێکە بانگەشە ی بۆ دەکەن لەخۆش گوزەرانی و دیموکراسی هەمووی ڕوون دەبێتەوە بۆ یە هەمیشە ووتاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمە یە کە گوایە ئێمە ڕێ لە ژیان و گوزەرانی خەڵک ناگرین کوردستان وولا تی خۆیانە هەرکات هاتننەوە بەخێر بێنەوە.
ئیدی بە ئامادەبوونیان بەسەرپێیانە بۆ پێشوازی پەنابەران لە کوردستان وای نیشا دەدەن کە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

6-12-2007 23:52بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەزموونی دەسەڵات لەو دەڤەرە تەواوگەشە سەندوو کامڵە گورگ و پەز پێکەوە دەژین و لەسایەی ئازادی و حکومەتدا ژمارەی بێکاران رۆژ بە رۆژ لە زیادبووندایە هیچ نی یە وەلێ سوپاییەکی بێ شوومار لە دەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکان لە گازینۆ کان رۆژانە خۆشترین کات بەسەر دەبەن یان لە و سلێماننیەی کە بەنێو لە کۆپیەکی ئەوروپا دە کات لە رووالەتدا لە نێوە راستی شاردا و لەو شوێننەی پێ ی دەلێن بەردەرکی سەرا چەندان لاو تادرەنگانێ رۆژانە وەک چۆلەکەی سەرپاساری بەتەنیشت عامودوکەناری شەقامەکان راوەستاون دوور لە گیان دەلێ ی بۆ گولە باران قیت وەستاون و هەمووی ملێونێک پرسیان لە نێو چێویان دەخوێنیتەوە. ئەمە نموونەی ژیان و مستێکە لە خەرمانی بارو دۆخی باشترین چینی گەلەکەم کە چۆن ژیان دەگوزەرێنن. لەم لاشەوە بەهاوکاری هێزەکانی نێو خۆی بەریتانیا چەندان گەنج لە نێو گرتووخانەکاندا بە هەرشەی ناردنەوەیان بۆ کوردستان بەندن و سەفارەتە دوو ژوورییەکەی عێراقنا لەلەندەن گوێ ی خۆی لی خەواندوە. ئیدی نازانم ئەمەشیان دەبێت بە خۆ پیشاندانی توندو رێگەی زەبر گرتنە بەر کۆتایی دێت یان پەنابەران کۆمە ڵ کۆمەڵ بەرەو ماڵەوە دەبرێنەوە و ئەمافی مرۆڤەی کە لە کوردستان نیە لە وە دەچێت لە ئەروپاش لە گەڵرێزمدا لە لیستی بزنەکاندا کوردیان سەرژمێرکردبێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.